

# سوپەرمارکێتی ڕۆژنامە

نەجات روستی
najatrosty@yahoo.com

بواری ڕۆژنامە نووسی تادێ بەرەو فراوانبوون دەچێ، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کەبەهۆی بوونی  بەشێکی تایبەت بەراگەیاندن لە کۆلیژی زانستە مرۆڤایتەکانی زانکۆی سلێمانی و کۆلێژی ئادبی زانکۆی سەلاحە الدین ، بوونی هەمان بەش لە هەردوو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و هەولێر، خواست و ویستی زۆرێك لەو لاوانەی کە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن وبەرێوە چوونی چەندین خولی جۆراوجۆری راگەیاندن لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.  وای کردووە کە ڕۆژنامەو گۆڤارێکی فرەمان هەبێت. هەرچەند بوونی ئەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بەشی هەرەزۆریان تەمەنیان کورتەو بۆماوەیەك بەردەوام دەبن و دواتر بەهۆی بوونی چەندین گرفتی مادی وتەکنیکی و ناشارەزایی لە بوارەکە هۆکاری پەك کەوتنی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەیە کەلە پرێکدانامێنن. هۆکارێکی تر کە پیم وایە سەرەکی ترین هۆکارە نەبوونی خوێنەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەهۆی کەمی و نەبوونی خوێنەر ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ناچار دەبن کە تیراژێکی زۆر کەمیان لێ چاپ بکرێ چونکە چاپ کردنیان لەروی مادیەوە زەرەرمەند دەبن و نافرۆشن لەبازار ناچار پاشماوەی نەفرۆشاوەکان بۆ خەزێنەی ڕۆژنامەکە کەدەگەرێتەوە ئەرشیف دەکرێن، زۆرێك لە ڕۆژنامەکان دوای ئەوەی ژمارەی تازەی دەرچوو و کۆنەکەی گەراندەوە ئەنجا ژمارەکۆنەکە بەدیاری بۆ هەندی شوێن ئەنێرین. نەفرۆشانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان ستافی کار  بی ئومید دەکات و ئەوگیانە لە خۆبردوەی جارانی نامینی بۆیە تاقەتی لێ ئەچێ. ئیتر پرۆژەکە دەوەستنی هەندێ لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەن مەبەستیانە کە ڕۆژنامە یان گۆڤارەدەربکەن هەر بۆ ئەوەی بلین هەیە. بۆ خوێنەر کارەکە ناکەن و بەهیچ شێوەیەك ویستی خوێنەر لەبەر چاو ناگرێ، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئایە لەم کاتەدا ئەو هەموو گۆڤارو ڕۆژنامەمان پێویستە کەتەنها لە سنوری پارێزگای سلیمانی بەپی ئامارێکی لقی سلێمانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان 145 ڕۆژنامەو هەفتە نامە هەیەوە 147گۆڤار لە سنوری چالاکی دا هەیە. دیارە ئەم ڕێژەیە تەنها ئەوانن کەبەشێوەیەکی فەرمی مۆڵەتیان وەرگرتووە جگە لە چەندین تر کەمۆلەتی ڕسمیان نی یەو ئەو بڵاوکراوانەی کە لە ناوەندە کانی خوێندن بەبێ مۆلەت دەردەچن. بوونیان باشترە لەنەبوونیان بەڵام. ئەرکی سەرەکی هەموو ئەمانە پەیداکردنی خوێنەرە بۆ خۆیان ئەگەر خوێنەریان زۆر بوو ئەوەبەدڵنیایەوە ئەورۆژنامە و گۆڤارە بەردەوام دەبێت کاری جوانتر بۆ خوێنەانی دەکەن. هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی هەر ڕۆژنامەیەك، دابەش کردنە،

واته به ئاسانی گەیشتن بەدەستی خوێنەر، ئێستا لەناوشاری سلێمانی رۆژنامە تەنها لە بازارەکان دەفرۆشین ئەویش شوێنێکی دیاری کراوەو لەناو چەقی بازنەی بازارە ئەگەر کەسێك لەگەرەکێکی وەك سەرچنار ئارەززی خوێندنەوەی رۆژنامەبکات. دەبێ بچی بۆ بازارو رێگایەکی دوور ببڕی بەڵام ئەگەر لە هەندی دوکانی ناوبازاری سەرچنار یان دوکانی لا کۆڵانەکانی تر رۆژنامە هەبێت ئەگەر بەپارەش نەبێت لە دوکانەکان دابنێن. ئەتوانی خوێنەر لەو دەڤەرە دروست بکات بۆ رۆژنامەکە .

نمونە خاوەنی دوکانێك کورێکی گەنجە ئەگەر رۆژنامەی لابێت لەکاتی بێزاری بەناچاری رۆژنامەکە ئەخوێنێتەوە بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکانی سەرنج راکێش بن تەنها جارێك دوجار بیخوێنێتەوە ئەوا بەدڵنیایەوە ئەبێتە خوێنەر، دواتر یش هاورێکانی چاولەو دەکەن، یان بابەتێك زۆر سەرنجی راکێشاوە بەهاورێکەی دەڵێ ئەم بابەتە بخوێنە ئەویش بەیەکێکی تر بەیەکێکی تر ئەو خوصنەرێکی زۆر پەیدادەبێت. لەماڵەو ئارەزوی خوێندنەوەی رۆژنامە بکەین ئەگەلەگەرەکان هەبێت بەئاسانی ئەتوانی دەستمان کەوێت. لە هەر دوو کانێك (10-15) خوێنەری بەردەوام هەبێت، بەدڵنیایەوە رێژەی رۆژ دوای رۆژ زیاتر دەبێت کێرڤی خوێنەر زیاتر هەڵدەکێشێ.رۆژنامە زیاتر رەواجی دەبێت وتیراژی زیاتر دەبێت، تاوای لێ دێت دەبێتە پرۆژەیەکی بازگانی. دەوڵەمەندەکان هاندەدات کە رۆژنامەنووسان و شارەزایانی بواری راگەیاندن لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە بۆ کردنەوەی کەناڵی راگەیاندن تا لەرێگەی ر اگەیاندن ریکلام بۆ کالاکانیان بکەن. ئەگەر خوێنەر زۆر بوو زیاتر ئاشنایەتی لە نیوان خەڵك وکالاو بازار پەیدادەبێت. ئەمەش هۆکارێکی بەهێزە بۆ گەشەسەندی بواری ئابوری لەدووڵات و بوژانەوەی هەموو ئەو کەرتەتایبە تیانەی کەلە بوارەجیاجیاکانی بازرگانی سامانەکانیان خستۆتە کار. لەهەمان کاتیش هاندانیشە بۆ بەرهەم هێنانی خۆماڵی دابەزاندنی نرخی کالاکانی لەدەرەوە بۆمان دێت.ئەگەر ببێتە نەریت ،رۆژنامەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە رۆژانە دەردەچن لەرێگەی دابەش کردنی خۆیانەوە بەیانیان زوو رۆژنامە لەماڵەکان لەگەڵ نانی گەرمی بەیانی بخوێنرێتەوە،سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن ئەو رۆژنامانەی ئەم شێوازە دەکەنە بەرنامەکاری خۆیان رەنگە هەندێ لەسەر نوسەر و ستافی رۆژنامەکان بڵێین ئەمەکارێکی ئەستەمەوناکرێ، هەمووشتێك لەسەرەتاوە قورسە بەڵام بەردەوام بوون و کارکردن لەسەر ئەم شێوازە هەم خوێنەر رادەهێنێ هەمیش جیگای رۆژنامە زیاتر لە نیو خەڵك دەکاتەوە.ئەگەر لە هەموو ئەو سوپەرمارکێتانەی کەلەشارداهەن رۆژنامەو گۆڤاریش وەك کالاکانی تر هەبێت کارێکی جوانەو رێگەی چەندین خوێنەری رۆژنامە کورت دەکاتەوە، لەجیاتی ئەوەی بچین بۆ بازار بۆ دەست کەوتنی رۆژنامە ،لە سوپەرمارکێتەکان هەبێت خزمەت کردنێکی زۆرە ، بەدڵنییایەوەش ئەوکەسانەی کە هاموشی ئەم شوێنانە دەکەن خەڵکانێکی رۆشنبیرن رۆژنامە بازاری دەبێت خزمەتێکی زۆریش بەبواری رۆشنبیری دەکەن. پێشنیار بۆ هەموو سوپەرمارکێتەکان دەکەم کە لەنیوبەشەکانی سوپەرمارکێت کتێبخانەی یەکی بچوك بکەنەوە بۆ دەست کەوتنی رۆژنامەو

**گۆڤارەکان داوا لە وەزارەتی رۆشنبیریش دەکەم کە هاوکاریان بکات و کار ئاسانیان بۆ بکات بۆ ئەم کارە پیرۆزەیان.**